زنجیرەی منداڵی سەردەم






هەستەکانی تۆ

# من کەمئەندامم

نووسینی: برایان موزس

نیگاری: مایک گۆردن



بۆ فارسی: قاسم کەریمی    لە فارسییەوە: ئازاد بەرزنجی



# من کەمئەندامم


نووسینی: برایان موزس

نیگاری: مایک گۆردن


بۆ فارسی: قاسم کەریمی

لە فارسییەوە: ئازاد بەرزنجی

من ناوم سارایە و کەمئەندامم. قاچەکانم ئیفلیجن و ناتوانم بەپێ بڕۆم. لەبەرئەوە بەکورسیی ئیفلیجی دەڕۆم.



زۆر حەزم لە مۆسیقایەو ئەندامی تیپی مۆسیقای قوتابخانەم.



عاشقی گیانلەبەرانم.




جولی باشترین هاوڕێمە. ئەویش کەمئەندامە.
ئەو لە ماتماتیک و زانستدا هەڵکەوتووە.



جولی نابینایە، بەڵام ئامێری ژمێریارییەکی قسەکەری هەیەو
بە دەنگ ژمارەکان بەو دەڵێت.




(بن)یش کەمئەندامە. ئەو پاڵەوانی مەلەیە لە قوتابخانە،
ئەگەر ئامێری بیستنەکەی نەبێت، گوێی لە هیچ نابێت.



ئەو بەجوڵەی لێوی خەڵکاندا دەزانێت چی دەڵێن. کاتێک یەکێک قسەدەکات، بن بە وردی سەیری جوڵەکانی لێوی دەکات.



کاتێک خەڵک بەلامدا دەڕۆن و چاوم تێدەبڕن و دەستم بۆ درێژدەکەن، تەریقدەبمەوە. ئەوانە بە جۆرێک لێم دووردەکەونەوە کە وا هەستدەکەم لێم دەترسن.



هەندێک کەس بە جۆرێک قسە لەگەڵ جولی دەکەن، وەک ئەوەی بەگێلی بزانن. ئەویش بەو ڕەفتارەیان زۆر دڵشکاودەبێت.



ڕاسته ئەو چاوی نابینێت، بەڵام له گەلێک کەس ئاقڵتره.



کاتێک منداڵان گاڵتە بە (بن) دەکەن و ئەویش گوێی
لە قسەکانیان نابێت، تورەدەبێت.



بەڵام بن دەتوانێت بە زمانی ئیشارەت لەگەڵ هاوڕێکەیدا قسەبکات.



کاتێک براکەم ناهێڵێت لەگەڵ هاوڕێکانمدا دوو گۆڵی بکەم، توڕەدەبم. هەفتەی پێشوو یاریم کرد لەگەڵیانداو گۆڵێکیشم کرد.






هەندێکجار بنیادەمە گەورەکان هیچ حسابێک بۆ من ناکەن.
وەک ئەوەی من هەر بوونم نەبێت. بۆ نموونە،
هەر لەگەڵ دایکمدا قسەدەکەن، منیش بەوە زۆر توڕەدەبم.

پرسیار لە خۆم بکەن!
خۆشم دەتوانم
قسەبکەم،
ئەی ئەوە نازانن؟




کاتێک دەگەمە بینایەک، کە ناتوانم بە پێپلیکانەکانیدا سەربکەوم، هەستدەکەم ئیتر بە کەڵکی هیچ نایەم.



بەڵام وەرزشگا تازەکە، هەم ئاسانسۆر(واتە مەسعەد)ی لێیە و
هەم سەقفیشی هەیە. لەوێ زۆر دڵمان خۆشە.



هەندێک بنیادەمی گەورەش دەناسم  کە کەمئەندامن.
ئەوان هەرگیز بێ ئیش نین.




دایکی «حەنا»ش لەسەر کورسی ئیفلیجییە،
کەچی دەشتوانێت ئۆتومبیلە جوانەکەی لێبخورێت.




دراوسێکەمان گەرچی نابینایە،
کەچی سەرۆکی دائیرەیەکیشە .



مامۆستایەکمان هەیە دەستێکی نییە،
بەڵام باشترین مامۆستای قوتابخانەکەمانە.




کاتێک بنیادەمە گەورەکان دەیانەوێت لەو کارانەدا یارمەتیمبدەن کە خۆشم دەتوانم ئەنجامیانبدەم، بێتاقەتدەبم.



منداڵی کەمئەندام هەندێک کار بەخاوی دەکەن
یان بە جۆرێکی جیاواز دەیکەن، بەڵام ئەمە عەیبە نییە.



من زۆربەی کات حەزدەکەم وەکو ئەوانیتر ڕەفتاربکەم.
بەلای هەموو کەسێکەوە ئیش هەیە قورسە و ئیشیش هەیە ئاسانە.
کەس لە کەس ناچێت. بنیادەمەکانی تریش ناتوانن هەموو کارێک بکەن.




هەستەکانی تۆ
من چەوساوەم
نووسینی: برایان موزس
نیگاری: مایک گۆردن
بۆ فارسی: قاسم کەریمی
لە فارسییەوە: ئازاد بەرزنجی
هەستەکانی تۆ
من بێتاقەتم
نووسینی: برایان موزس
نیگاری: مایک گۆردن
بۆ فارسی: قاسم کەریمی
لە فارسییەوە: ئازاد بەرزنجی
هەستەکانی تۆ
من ترسنۆکم
نووسینی: برایان موزس
نیگاری: مایک گۆردن
بۆ فارسی: قاسم کەریمی
لە فارسییەوە: ئازاد بەرزنجی
هەستەکانی تۆ
من توڕەم
نووسینی: برایان موزس
نیگاری: مایک گۆردن
بۆ فارسی: قاسم کەریمی
لە فارسییەوە: ئازاد بەرزنجی
هەستەکانی تۆ
من حەسوودم
نووسینی: برایان موزس
نیگاری: مایک گۆردن
بۆ فارسی: قاسم کەریمی
لە فارسییەوە: ئازاد بەرزنجی
هەستەکانی تۆ
من کەمئەندامم
نووسینی: برایان موزس
نیگاری: مایک گۆردن
بۆ فارسی: قاسم کەریمی
لە فارسییەوە: ئازاد بەرزنجی